KURDISTAN NET کوردستان نێت
Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.31 22:04:56 +01'00'

# کاکە بەیەکخستنەوەی کارەبای هەولێرو سلێمانیش مەمنونین

ئاکۆ محەممەد

ئەوە پێنج ساڵی رەبەقە دەڵێن ها ئەمڕۆ هاسبەینێ هەردوو حکومەتەکە یەکدەخەینەوە، لەو رۆژانەدا کە خەریکبوو خەڵکی جەرگ سوتاو دڵسۆزی کوردستان بێتە سەر جادەو زەماوەندی یەکگرتنەوەکە بگێڕێ کەچی تازە بەتازە دەڵێن وەڵلا لەسەر ناوەکان رێکنەکەوتوون و هەندێ وەزارەتی گرنگ یەکناخەنەوە وادیارە هەر فەقیرو زەعیفەکان یەکدەخەنەوە. ئەوەیە شازی (ئیفداع) لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست. دەی قەیناکە بەوەندەش هەر شوکر دارین.

ئەوەی لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە لەوەتەی شەڕە سیاسیە کارەباییەکەی هاوین، کارەبی سلێمانیو هەولێریش چارچە بووەو، جیاوازی نێوان ماوەی کارەبا هەبوونی رواندزو رانیە، هەولێر سلێمانی جیاوازی نێوان عاردو عاسمانە. دەی ئەگەر جیدین لەسەر یەکخستنەوەی حکومەت، کارەباکە یەکخەنەوە تاوەکو رسمی یەکگرتنەوەکەتان لەتەلەڤزیۆنە یەك کاتژمێر پێو سێ کاتژمێر کوژاوەکانماندا ببینین.